# چاوێک بە لێدوان و بۆچوونەکان بخشێننەوە!

## رێکار ئەحمەد

جیاوازی لەنێوان کاری بازرگانی و کاری سیاسی ئەوەیە، یەکەمیان ئەگەر قازانج نەکات و سەرمایەی لەکورتی بدات وازی لێدەهێنرێ، دووەمیشیان ئەگەر لێکدانەوەو بۆچوونەکانی راست دەرنەچوون دەستی لێهەڵدەگیرێ. هاوکات ئەگەر لێکدانەوەو بۆچوونەکانی بازرگان راست و دروستیش بێنەوە، بەڵام ئەگەر قازانج نەکات بە بازرگانێکی شکستخواردوو دادەنرێ، کەچی سیاسەتمەدار ئەگەر قازانج و سوودیش بکات، بەڵام لێکدانەوەو بۆچوونەکانی راست دەرنەچن بە سیاسەتمەدارێکی نەزان و دۆڕاو دادەنرێ. بەوهۆیەوە بازرگانی سەرکەوتوو یان شکستخواردوو، سیاسەتمەداری لێهاتوو یان دۆڕاو دەناسرێن و پۆلێن دەکرێن.

هێزی کاری بازرگانی لە قازانج کردن و زۆرکردنی سەرمایەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام هێزی کاری رامیاری بەراست دەرچوونی پێشهات و لێکدانەوەکانی ئەرێنی وەردەگرێ، بۆیە هەر حزب و رێکخراوێک ئەگەر هێزێکی سەربازی گەورەشی هەبێ، دەستەڵات و سەرمایەشی هەبێ، بەڵام پێشبینیەکانی پێچەوانە بێنەوە، لێکدانەوەکانی سەرچیخ برۆن، بۆچوونەکانی بەهەڵگەڕاوەیەی بدۆزرێنەوە پێوانەی هێزێکی سیاسی بۆ ناکرێ، وەکو هێزێکی داراو چەکدار دەمێنێتەوە.

بازرگانان و هاودەستەکانیان بەردەوام تێرامان و وردبینی لە سەرمایەو داهات و قازانجەکانیان دا دەکەن، بەوهۆیەشەوە سنووری خۆیان دەناسن و دەزانن **کەی** و لە**کوێ** بوەستن یان خێراتر هەنگاو هەڵبگرنەوە، سیاسەتمەدارانیش دەبێ لانی کەم مانگانە چاوێک بە لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانیان دا بخشێننەوە، ئەگەر پێچەوانە هاتبوونەوە دەبێ دەریچەیان بۆ بدۆزنەوە، ئەگەر گۆڕانکاری و پێشهاتەکانیش سەر ڕاستی کردبوونەوە دەکرێ درێژەیان پێبدرێ.

مێژووی دوورو نزیکی گەل و وڵاتان چیرۆکی ئەو بازرگانە شکستخواردووانەی تۆمارکردووە کە لە ئاکامی زیان لێکەوتن و قازانج نەکردن دا وازیان لە کاری بازرگانی هێناوە، چیرۆکی ئەو سەرکردەو سیاسەتمەدارانەیشی نووسیوەتەوە کە چونکە لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانیان پێچەوانە هاتوونەتەوە، بوێرانە وازیان لەکاری سیاسی هێناوەو بەرەو ژیانی ئاسایی گەڕاونەتەوە، بەڵام ئەگەر یەکەمیشیان لە کوردستاندا نموونەی هەبووبێ، دووەمیان لەواری کرداریدا بەرچاو نەکەوتووە، ئەمەش کێشەو گرفتەکانی کوردستانیانی گەورەتر کردۆتەوە.

بازرگان و کۆمپانیاکان ئەگەر بەمەبەستی قازنجی زیاتر ساختەکاری لە کاڵاکانیان دا بکەن، فێڵ لە کڕیارەکانیان بکەن بە فێڵباز دەناسرێن و دوورەپەرێزیان لێدەکرێ. سەرکردە و رێکخراوە سیاسیەکانیش ئەگەر بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەستەڵاتەکەیان هەڵمەتی چەواشەکاری بەرێوەببەن ، بەڵێنی جۆراوجۆر بە جەماوە بدەن و جێبەجێیان نەکەن، بە ناڕاست و فریودەر دەناسرێن.

ئەگەر بازرگانان پێویستیان بە راو سەرنجی دیتران نەبێ و خۆیان بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکەن، بەڵام هێزە سیاسیەکان و سیاسەتمەداران وێڕای ئەوەی کە پێویستە چاو بە رابردووی خۆیان دا بخشێننەوە، دەبێ رامان و رەخنە و هەڵوێستی دیترانیش لەبەرچاوبگرن، لانی کەم لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانی ساڵانەیان بهێننەوە سەر مێزی مێشکیان و بەدواداچوونیان بۆ بکەن.

ئەگەر حزبە سیاسیەکان و سەرکردەکان لانی کەم بەڵێن و لێدوان و بۆچوونەکانی رابردوویان وەبیر خۆیان بهێننەوە، لەگەڵ دەرئەنجامەکاندا بەراوردیان بکەن، بۆیان دەردەکەێ تا چ رادەیەک پێشبینی داهاتوویان کردووە! گۆڕانکاریەکانیان خوێندۆتەوە! ئاکام بەچی گەیشتووە!

گرفتی گەورەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەوەدایە کە زوو رابردووی لەبیر دەچێتەوە، سەرکردەو بەرپرسەکان بەڵێن دەدەن، جێبەجێیان ناکەن، نەخۆیان لەبیریان دەمێنێ، نەکەسیش وەبیریان دەهێنێتەوەو داوای جێبەجێکردنیان لێدەکات.

سەرکردەو بەرپرسەکان لێدوان دەدەن، مژەی جۆراوجۆر بە جەماوەر دەدەن، ئاکام شتێکی دیکە پێشکەش دەکات، کەچی دیسانەوە نە ئەوان لێدوانەکانی خۆیان لەبیر دەمێنێ و بۆی دەگەڕێنەوە نە جەماوەریش ئاگای لە لێدوانەکان دەمێنێ و نەبەدواداچوونیشیان بۆ دەکات.

زۆرینەی خەڵک یان چین و توێژێکی دیاریکراو داخوازی خۆیان بەرز دەکەنەوە، لایەنی پێوەندندار هاوسۆزیان لەگەڵ دا دەنوێنن و بەڵێنیان پێدەدەن کە داخوازیەکەیان بۆ جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێک داخوازیەکە لەگەڵ شنەبای ئەو رۆژەدا دەڕواو ناگەڕێتەوە، جێبەجێ ناکرێ، نە لایەنی پێوەندندار بەڵێنەکەی خۆی لەبیر دەمێنێ، نە جەماوەرو چینەکەش جارێکی دیکە بەدوای دا دەچێتەوە!

خەڵک و رۆشنبیران رەخنە لە دیاردەی دزێو دەگرن، پەنجە لە گەندەڵکاران هەڵدەشەقێنن و کەمپین دروست دەکەن، رەخنەکانی خۆیان راشکاوانە دەڵێن، بەڵام گوێیان لێناگیرێ ، ئیدی بۆ خۆیان رەخنەکانیان لەبیر دەچێتەوەو جارێکی دیکە لێی ناپرسنەوە!

ئەمانەو دەیان دیاردەی لەبیرچوونەوەی دیکە کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو نغرۆبوون دەبەن، کەچی نە هێزە سیاسیەکان خاوەندارێتی لێدەکەن، نە رۆشنبیران و نوێنەرانی چین و توێژەکان لەبەرانبەریاندا هەڵوێستە دەکەن.

ئەگەر بەڵێن و لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانی سێ ساڵی رابردووی سەرکردەو حزبە سیاسیەکان کۆبکەینەوە، ئەگەر گلەیی و رەخنەی رۆشنبیران خڕبکەینەوە، ئەگەر داخوازی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەرهەڤ بکەین، دەیان رەوسەو جۆخین و شارامان دەست دەکەوێ کە زۆرینەیان ناکامن، کەچی لەبیر چوونەتەوەو فەرامۆش کراون.

ئەگەر بەڵێن و لێدوانەکانی سەرکردەو حزبە سیاسیەکان لە بەستێنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان دا بەتایبەتیش سەبارەت بە ماددەی 140 وەربگرین، دەردەکەوێ کە زۆرینەیان بەلای راستی دا نەڕۆیشتوون و ئامانجیان نەپێکاوە، تەنیا لەگەڵ یاری خاپاندن و چاوشارکێی ژێر خێوەتێکی رەش دا کۆ کراونەتەوە. ئەمەش جگە لە ناکامی بەرهەمێکی دیکەیان نەبووە، بەهۆیەشەوە بەڵێن و لێدوانەکان دەپێورێن و هەڵدەسەنگێندرێن، سیاسەتمەداران پۆلێن دەکرێن، کەچی مخابن ئێستاش چاویان پێدا ناخشێننەوە، بە لاقرتێ و پێکەنینەوە درێژەیان پێدەدەن. ئێستاش دان بە شکستی خۆیان دانانێن و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە یان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ یان ئەگەر دواشبخرێ لەبەرژەوەندی کێشەی کەرکوک و ماددەی 140 دا دێتەوە !!

گرفت لە بەخۆدانەچوونەوە، لەبەرچاونەگرتنی رامانی دیتران و ژێرپێخستنی راستیەکانە، کاتێک دان بە راستیەکان دانانرێ، بێباکانە درێژە بە هەنگاوەکانی پێشوو دەدرێ، سەر لە شکان و نائومێدی و دۆڕان دەردێنین.

گرفتێکی گەورەی کوردستان لەنەخوێندنەوەی راستینی مێژووی سەرهەڵدان و راپەڕین و شۆڕشەکانیەتی، لەهەموو کۆنفرانس و کۆنگرەیەکدا، لە هەموو لێکۆڵینەوەو شرۆڤەیەکدا تەنیا لایەنی ئەرێنی وەردەگرین و پێیدا هەڵدەڵێین، بیر لەهۆکاری شکستەکانیان ناکەینەوە، رێبەرەکان بە سەرکردەی لێهاتوو، شارەزا و پاڵەوان دەناسێنین! لە کاتێکدا ئاکامەکان ناسنامە بە سەرکردەو رێبەرەکان دەدەن، نەک نووسەری دەم چەورکراو و مێژوونووسی دەربار.

هەر شۆڕشێک ئەگەر شکست بخوات، وێڕای ئەوەی رێبەرەکەی بە تێکۆشەر دەناسرێ و یادی دەکرێتەوە، بەڵام هەرگیز سەرکردەی سەرهەڵدان و راپەڕین و شۆڕشی شکستخواردوو بە سیاسەتمەداری لێهاتوو، رێبەری هەڵکەوتوو، سەرکردەی زانا دانانرێ، ئەمەش کەمکردنەوە لە شکۆی سەرکردە تێکۆشەرەکە نیە، بەڵکو خوێندنەوەی راستینی مێژووی قۆناغەکە و ئاکامەکەیەتی.

ئێستا لەژێر رۆشنایی ئەم لێکدانەوەیەدا سەرکردەو حزبەکان پۆلێن دەکرێن، با ئێمەی کوردستانیش چیتر بەچاوی داخراوەوە بەرەو داهاتوو رانەکەین. با هەمووومان چاو بە رابردوو بخشێنینەوە، لە بەڵێن و لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکان بپرسینەوە، بەوهۆیەشەوە خاوەنەکانیان پۆلێن بکەین و بیانخوێنینەوە.

2007-11-22

rekarahmed@hotmail.com